پشتی عەلوەکەی کەرکوك لەنێوان گەمەی سێکسی و پارەدا..

دەمێك بوو باسی عەلوەکەی کەرکوکم دەبیست، لە سەرەتاوە نەمدەزانی شوێنێکی وەها هەیە. بەڵام ئەم باسە لەیەك کەس و دوو کەس نەبوو، لە پیرو گەنج نەبوو، بەڵکو لە زۆرێك لەوانە دەمبیست کە ئارەزووی گەمەی سێکسی دەکەن بە بێ بنەمای خۆشەویستی بە هەرحاڵ دوای ماوەیەك بە کەسێك و دووانم ووت : ئەرێ شتی وا هەیە ووتیان بەڵێ . منیش قسەم لە گەڵیان کرد بۆ ئەوەی پیشانم بدەن وەکو کارێکی ڕۆژنامەوانی شتێکی لەسەر بکەم، لەسەرتاوە زۆر بەنیازی ئەوەبووم ڕیپۆرتاژێك لەگەڵ ڕەگەزی مێ کانیان بکەم بە مەرجێك نەچمە ژوورەوە ئەوان بێنەلام. ئەوەبوو لەگەڵ چەندبرادەرێك سەردانی جێگاکەمان کرد ئەوەی هەستێکی مرۆڤایەتی هەبێت بگاتە ئەو شوێنە دەزانێ مرۆڤ تەنها ڕەوشتی ویژدانی لەوشێنەدا، نەك ئازادی تاك فەراهەم کرابێت بە ئەوەی ڕێگەبەگەمەی سێکسی دراوە بەڵکو هەموو ژیانیان ئازارە. سەیرم کرد شوێنەکە ئەنجازانیم ئەمە پشتی عەلوەکەیە. کامێرەم پێ نەبوو وێنەی بگرم، برادەرانی ووتیان جارێکی تری دێنەوە پارە بدەرە پیاوەکان ئەتوانی قسەیان لەگەڵدا بکەیت ئەوان بەس پارەیان دەوێت . تائێرە هیچ نەبووە ئێستا دەستی پێ دەکات ژیانی مرۆڤایەتی لە وشێنەدا.

ئامادەکردنی/ هـ.م.ع

خاوەن دارێتی پیاوان

هەر لە دەرگاکەوە پیاوێك وەستاوە کەس نازانێ چی ڕەگەزی مێ دەبن . بەڵامەڵێت هەر ڕۆژێ چەند کەسێك دەوەستێت لەبەردەرگاو داوای پارە دەکەن.بەبێ خواستی سۆزانیەکان بۆ ئەوەی بچێتە ژوورەوەدەبێت پارە بدەیت چونکە سەیری ئەوانە دەکەیت کە دەتەوێت . یەکێك لە پیاوەکان کەویستی کامیرەکەم لێ وەربگرێت باسی ئەوەی دەکرد ئەم وێنەیەی سوودی ئێمەی تێدایە یان نا ووتم ئێوە کێن ووتی پیاوەکان . منیش ووتم من ئەندازیاری حکومەتم بۆ حکومەت وێنەی دەگرم. من نەمتوانی قسە لەگەڵ هەریەك لەو کەسانە بکەم کە لەژوورەوەن . چونکە دەبوو لە ئەنجامی گەمەکە قسەیان لەگەڵ بکەیت . ناچار دیسان من گوێبیستی پیاوان بووم بۆ دەست کەوتنی ووڵام چونکە لە هەموو شوێنێکی ئەم وولاتەدا ئەو کلتورە زاڵە لەوێشدا هەروابوو.

ئەوانەی لەوێن

بەبێ ڕەچاو کردنی تەمەن لەو شێنەدا هەرکە نزیك دەبێتەوە لە دەرگاکەیدەبینیت منداڵ و هەرزەکار و قەیرە ژنی گەورەش چاوەڕوانت دەکات و بانگت دەکات . ئەو شوێنە نزیکەی (٤٥)خێزانی تێدایە (من بەبیانووی ئەوەی هاتووین کارەباو ئاوتان بۆ دابین بکەین زانیارێکی کەمان وەرگرت) . دەیان منداڵی خواروی تەمەن (١٨)ساڵ تێدایە گەمەی سێکسی بەبێ ئارەزووی خۆی لە ژێر شەقی بێ کاری پیاوان و دەست بەتاڵی براکانیان دەردێتە دەستی پیاوێکی درندە و چوارجار لەتەمەندا لە خۆی گەورەترە. یەکێك لەو کوڕانەی کە دەچێتە ئەوێ باسی لەوە کرد کەمن هەرجارێك بچم ئەبێ لە (١٨) ساڵ بەخوارەوە بێت. و کوڕێکیش هەیە خوشکەکەی خۆی دێنێ. لەوشێنەدا بۆیە باسی تەمەن دەکەم چونکە بەپێی ئەو کەلتوورەی کەباوە لای خۆمان (پەردەی کچێنی) نییە . ئایا کێ ئەوکارە دەکات یەکەم جار ؟ جێگەی گومان نییەکە پیاوانی ئەوانادات.

سانسۆر هەیە

بێ شك ئەوانەی لە ئازادی تاك تێ نەگەیشتوون کە من قسە دەکەم ئێستا ڕەنگە بە کەسێکی دژ بە ئازادی ناوزەدم بکەی. بەڵام بە پێ چەوانەوە سانسۆر بەو مانایەی کە ئەو شوێنەنیە کێ دەبێت بڕوات. گەنجان و پیرانیش ڕووی تێ دەکەن ئەوە ئارەزووی خۆیانە چونکە تەمەنیان هەیە و یاسایش سزای دەست نیشان کردووە بۆیان لەکاتی هەر هەڵەیەك لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاسایی خۆیاندا . بەڵام ڕێژەیەکی یەکجار زۆری منداڵان ڕوودەکەنە ئەو جێگایە بۆ گەمەی سێکسی بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگری هەبێت و ئەو شوێنە بوەتەمایەی ئیستخلال کردنی وزەیەکی منداڵان ولابردنی توێژێکی گرنگی کۆمەڵگا لەسەر ڕەوتی سەرەکی ژیانی منداڵی کە خۆی لە گەشەوخزمەتکردنی خودی خۆی لەبواره گرنگەکانی ژیاندا بەدی دەکات.

هەستی پیاوەکانیان

هەرچەندە نازانرێت ئەوانەی کە کۆدەبنەوە چی سۆزانیەکان دەبن. بەڵام دوولایەنی جیاواز بەدی دەکەیت لە نیگای چاوی پیاوەکاندا. ئەویش توندڕەوی یە چونکە وەها هەست دەکەن شتێکی زۆر گرنگیان بەدەستەو خەڵکی پێویستیان پێی هەیە . بەتایبەتی بەرامبەر بەو کەسانەی کە دەچن بۆ گەمەی سێکسی. زۆرجار قسەی ناشیرین بەوانەیش دەڵێن کە دەیانەوێت بچنەژورەوەو پارەنەدەن و خۆیان زیت دەکەنەوە و بەکۆمەڵ دێنە پێشەوە بۆ ئەوەیئەگەر شەڕبێت شەڕبکەن ئەمەیش پرسیارێك دێنێتەپێشەوە لە ئەنجامی ئەو سوکیەوەیە لەناخیاندا دروست بووە. بۆیە هەندێك لەوانە دەکرێ و شیاوە تێژریستان سوودی لێ وەربگرن، بەشێکی تری پیاوەکانیان یان ڕەگەزی نێرە بڵێن هەر کە بزانن لەلایەن دەسەڵاتەوە هاتوویت یەکسەر پاڕانەوەو خۆیان ئەنجامی بدەن ؟ چونکە تەمەنیان ڕێگەی داوای سوالکردنت لێ دەکەن و دادەبەزن بۆ نزمترین ئاست. چونکە دەزانن ئەو کارەی ئەوان سەرقاڵن پێوەکارێکی دژ بە مرۆڤایەتیە و هیچ بنەمایەکی تێدانییە .

خۆشەویستی

ئەم کۆمەڵگایەیی ئێمە کەم و کوڕی کەمی هەبووە. کەچی ئێستا لەو شوێنەدا بەرێژەیەکی یەکجار نامرۆڤانەیەبە هیچ شێوەیەك ئەو گەمەسێکسیە چێژی خۆشەویستی تێدا نی یە. یەکێك لەو پیاوانە کە دەچووە ئەو شوێنە وەهای دەگێڕایەوە هیچ لەکاتم ناگرێت و وەك ئەوە نییە کە من دەبێت لەگەڵیدا بم و خۆی براژێنێتەوە یان شوێنێکی بۆ دابین بکەم، یەکسەر دەچم وبەس گەمەکەیە نازی تێدانی یە .لێرەدا ئەوەم بۆ دەرکەوت کەوا ژیانی مرۆڤەکان کە دەچنە ئەو شوێنە تەنها غەریزەیەکی سێکسی تێدا و ئەوەیش هەڵەیەکە چونکە بەسووکی سەیری ئەو شوێنە دەکەن و لێرەوە ئەو کاردانەوەیە دروست دەکات، کە ئەگەر خێزانی خۆی هەبێت یانکچی هەبێت بەشێوەیەك لە شێوەکان خۆشەویستیان لێ دەگرێت واتا نا هێڵێ تامی ژیان بزانن بە خۆشەویستی. خۆشەویستی لەم شوێنانەدا دەبێتە ئمونەیەکی ناشیرین و دار دەست و بیانووی ئەوانەی گەمەی سێکسی بە خۆشەویستی دەزانن و هەمیشە بەگومانەوە سەیری دەکەن.

لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە

کۆمەڵگای عێراقیو کوردستانیش کۆمەڵێك سیماو ڕوخساری جوانی خۆی پاراستووە من لێرەدا ئەو ڕوخسارو سیمایانە ناژمێرم. بەڵکو تەنها قسەلەسەر پەروەردەی خێزانی دەکەم. لێرەدا ئەو سیمایە بوونی نییە. چونکە بەبڕوای من هەر بە پێش چاوی باووك و براوە خوشکی گەمەی خۆی دەکات لەگەڵ چەند کەسدا لە ڕۆژێکداو بە شێوازی ناشرین و بەهەمان شێوەیا بە پێش چاوی باووکیشیەوە. ئەمەئەوە نییە کە باسکردنی کەم و کوڕی دێننە پێشەوە تەنانەت باسکردنی کەم و کوڕی دێننە پێشەوە تەنانەت ئەوەنادات.

بڵێن ئازادی دانە بە کچە یان ژنەکەی ، بەڵکو بەکارهێنانی توندوتیژیە چونکە هەندێك لەوانەی کە دەچنە ئەوێ دەڵێن هەندێك جار ژنەکان یان کچەکان بەڕوخساری ناچاریەوە دێنە پێشەوە. لەڕووی ڕێزەوە ئەوە بەدی ناکرێت لەوێدا و جنێوو قسەی ناشیرین باوك بەکوڕو ئەوانیش بەڕەگەزی مێ هەرباس ناکرێت . ئەگەرمنداڵێکی خواری تەمەن هەژدەساڵی بچێتە ئەوێی بۆ گەمە کردنی سێکسی و ئەوانە بەدی بکات، ئەوە بێ شك کاردانەوەی دەبێت کەلەسەر خێزانەکەی خۆی بە هەرشێوەیەك بێت و هەرگەنجێك بۆ خێزانێك دەچێتەوە و هەریەکێکیانیش شتێك لەوانە لەناو خێزانەکانی خۆیاندا لاسایی دەکەنەوە. لێرەوە خراپی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە دەردەکەوێت.

فێربوونی بەکۆمەڵ

وەك باسم کرد ئەو شوێنە هیچ پەیوەندی بەئازادی و خۆشەویستی و ئەوانی ترەوە نییە بۆیە وەك کارێکی بۆ پارە مامەڵە دەکرێت. ژنان و کچانیش کالایەکی بێ مایە مامەڵەیان پێوە دەکرێت. ئەمەیش کەبووەکار، ئەوە کارکردن فێربوونی تێدایە . مەبەستم ئەوەیە کەوا ئەوکارە نامرۆڤانە لەو شوێنەدا خەریکە پەرەدەسێنێ وبەدڵنیایەوە کەسێك بۆ ئەزموونی بڕێت بۆ ئەو شوێنە لە بنەڕەتدا ئارەزووی نەبێت فێردەبێت ئەوە بکات من دەمەوێت ئەوە بڵێم دەکرێ لەو شوێنە زیاتر پەیدا بێت. چونکە بۆ کارکردنە نەك حەز و ئارەزوو . دەکرێ خەڵکانیش پەیدابن وەکو ئەوان گەمەیسێکسی بکەن یان ئەنجام بدەن. چونکە مەبەستەکان ئەوەیە پارەپەیدا بکرێت و بدرێتە خاوەن کار کە هەر جارەو کەسێکی نێرینە داوای پارەی ئەو گەمەیە دەکات و هەموو شتەکانیش بەکاتەوەو پارەیشبە پێی کات زیاتر و کەمتر وەردەگرێت.

بەهای مرۆڤ

مارکس جوان وەسفی مرۆڤ دەکات (مرۆڤ بەنرختریـن سەرمایەیە) .بەلام لێرەدا ئەگەر زۆر دیقەتی ئەوانەی پێشوو بدەیت هەست دەکەیت چۆنە . ئەوەی نرخ بێت بۆ هیچێك لەو مرۆڤانە نی یە . هیچێك مەبەستم (منداڵ و هەرزەکار و لاو پیریش) . چونکە کەسیانبە ئاراستەی ئارەزووەکانی خۆیاندا کارناکەن و هەرجارەی گیرۆدەی کرێکارێك دێت بۆ کڕینی کالایەك. کاتێك کەسێك دەچێتبۆ گەمەی سێکسی بەهیچ جۆرێك مامەڵەی مرۆڤانەیش ناکات، چونکە هەر لە دەرگاکەوە وەك ئەوەی بچێت بۆ سەیری شتێکی بێ گیان دەهێڵن بچێتە ژوورەوە. لێرەدا مرۆڤ تەنها ڕێزی لێ ناگیرێت جاربەجار سەیرێکی ئەوە دەکرێت ژنێك کۆمەڵێك منداڵی هەیە یان کارەساتی تەلاق دان و هەژاری باس دەکات و تەمەنی هەیە (نێرینە) کەیش لەوێدا بە کەمترین پارە هەوڵی ئیستخلال کردنی دەدات و گەمەی خۆی دەکات بە بەزەییەوە . ئەمەیە بێ نرخ کردنی مرۆڤ جگە لەوەی لەگەوهەر نرخی زیاتر لە ڕاستیدا.

لەڕووی دەروونیەوە

هەموو کەسێك لە مێشکی خۆیدا خاوەن کۆمەڵێك لە ئاوات و هیوایە هەوڵی بەدی هێنانی دەدات. ئەمانەی ئەوم جێگایەی و هەندێك جار ئەوانیش کە دەچێتە ئەو شوێنە بەڕوونی تووشی داڕووخانێك دێن لەڕووی دەرونیەوە ئەگەر لە ئارەزووی هاوسەرگیری و منداڵەوە قسەبکەم ، لەم کۆمەڵگای ئێمەدا ئەوەی ئەو جۆرەکارانە بکات بە هیچ شێوەیەك کەس بەهاسەری خۆی قبوڵی ناکات، کەسانیش نییە ڕۆژێك بەئاواتی ئەوەو نەبێت منداڵ و پیاوی خۆی هەبێت بۆ حەوانەوە ژیان، بەڵام زۆربەیان دڵنیا لە چوارچێوەی ئەو (مەکتەبە) کۆنەدا نەبێت دەرناچن. دەرچوون مەبەست لە زەواج کردنە لەگەڵ کەسێکدا لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەیە. ئەمە بۆ کچانە لە هەمان کاتدا بۆ پیاوانیش یان گەنجەکانیان مەگەر (فێڵ)بکەن ئەگینا هیچ کەسێك نییە زەواجیان لەگەڵدا بکات جگە لەوانەی دەورووبەری خۆیان نەبێت. یەکێك لەوانەی کەچووتە ئەو شوێنە بێ شەرم و بەگلەیی کردن لەو کەلتورەی خۆی ووتی: ئەمەندە عاشقی کچێکیان بووم ئەگەر لەبەر عەیبە نەبوایە یەکسەر دەموت دەتخوازم ، بەڵام کاتێك دیم براکەی هات لەگەڵ منداو بوو پرسی چی دەکەیت و هیچی نەووت و هەرمن وازم هێنان کەسێکی تری بر نالێم ڕقم لێ هەڵگرت، بەڵام هەستم کرد تازە عاشقی کەس نابم و هەتا ئێستاش وەهام. هەندێك خۆم وون دەکەم. من دەمەوێت باسی ئەوە بکەم بە شێوەیەکی گشتی دەروون پڕ دەکات لە خەمی مرۆڤانەو هەمیشە ئەوانە ئازاریان هەیە، بەڵام زۆربەی ئەوانەی کە لەوێن (لەشفرۆش یان ئەنجامدەر) درۆ لەگەڵی ناخی خۆیاندا دەکەن. نازانم ئەوانەی هەموو مرۆڤ بە هیچ بزانن.

لەڕووی تەندروستیەوە

زۆرن ئەو نەخۆشییانەی لەڕێگەی لەیەك نزیك بوونەوە و هەناسەدانەوە مرۆڤ لە مرۆڤەوە تووشی دەبێت . هەمان کات نەخۆشی بێ چارەسەریش هەیە وەك (ئایدز) لە ئەنجامی گەمەی سێکسیەوە تووشی مرۆڤ دەبێت، ئەم شوێنە هێندە نا تەندروستیە باسی ناکرێت . وەك ئەوەی باسی دەکەن لە ژوورەوە بەشێوەی شوێنی بچووك کە نێوانی بە پەردە یان بەتانی لەیەك جیاکراوەتەوە ، لەسەر ئەزەکە و بێ ئەوەی پاك بکرێتەوە گەمەکە دەکرێت، دواتریش یەکسەر دوای گەمەی کەسێك کەسێکی تری دەچێتە لای . بە هیچ شێوەیەك ناوی پاکیان نییە بەتەنکەرەوکارەبایشیان نییە بە شەو و ڕۆژ . دەکرێ و بەدڵنیایەوە سەرچاوەیەکی زۆر گەورەی بلاوبوونەوەی نەخۆشی (ئایدز) بێت . هەمان کات گەلێك نەخۆشی تری چونکە هیچ ڕێگریەك نییە بۆ ئەوەی کەسێکی تووش بوو گەمەی سێکسی نەکات، لە هەمان کاتدا ئاستی هۆشیاریی تەندروستی لە شقی وشەکانیان ئەوانەی دەچنە ئەوشوێنە ئەوەندە نییە . تابزانن زیانی تەندروستی هەیە، بۆیە لە ئایندەدا بارێکی خراپ دروست دەکات ...

دوا پەیڤ

ڕەنگە زۆر شتی زیاتر هەبێت کە من پەیم پێی نەبردبێت و قسەم لەسەری نەکردبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە بە بۆچوونی من شوێنێکی وەها لە خۆڕا دروست نەبووە، بەڵکو هۆکاری خۆی هەیە هەر لەوەی کە خۆیان باسیان دەکرد بێ کاری و گرانی باری ژیان، ...هتد. ڕەنگە ئەو هۆکارانە پاساوی زۆرێك لەوانە بێت کە لەو جۆرەکارانە دەکەن . بەڵام من یەکێك لە هۆکارەکان دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە بەکۆمەڵن و دوورن لە ئەو شوێنە ڕەسەنەی خۆیان، ڕوونتر ئەمانە ئەو کەسانەی بەهۆی سیاسی یەوە هێنراونەتە کەرکوك ئەگەر بگەڕێنەوە شوێن خۆیان ڕەنگە کەمتر بێت بەهۆی نزیك بوون لە کلتووری خۆیان و هەندێك جار ڕێگە نادرێت بەو شێوەیە بژین پێویستە دەسەڵاتی ئەو شارە بە بیرێکی تۆڵە سەندنەوە بیرنەکاتەوە بەڵکو وەك مرۆڤ ئەگەر لەبەر بێ کاریە کاریان بۆ بدۆزیتەوە ئەگەریش ئارەزووە دەبێت بچنە شوێنێکی گونجاو نەك لەوێدا و هەمان کاتدا دەسەڵات سانسۆرێکی تەندروستی کۆمەڵایەتی هەمە لایەنەی هەبێت، هەر لەوەی ڕێگری بکات لەوەی چی تەمەنێك دەبێت بچێتە ئەوێ و کێ لەوێ لەش فرۆش بێت ، پێویست دەکات ڕێکخراوەکان کاریان هۆشیارکردنەوەی ئەو شوێنانە بێت لەڕێگەی حکومەت و دەسەڵاتەوە یەکێك لە چارەسەرکردنەکان ئەوەیە پەرتەوازە بکرێن بەمەرجێك شتێکیان پێی بدرێت بۆ دروست کردنی خانوو یان دامەزراندنیان نەك بۆ سەرشەقامەکان . یەکێکی تری لەو ڕێگریانە ئەوەیە کەمترین کەس هاتووچۆ بکات لەڕێگەی ئەوەی پرسیار لەو خەڵکانە بکرێت بۆچی دەچیت بۆ ئەوەی جۆرێك لەشەرم یان پەشیمان بوونەوە ڕووبدات .

پاش ئەمانە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە مرۆڤ ئازادە لەهەموورووەیەکەوە چۆن ژیان بەسەردەبات ، بەمەرجێك زیانی نەبێت بۆ کۆمەڵگاو دەورووبەر بەڵام ئەمانە زیانیان هەیە بۆیە پێویستە دەسەڵات چاودێری بکات و نەهێڵێت لەوەزیاتر تەشەنە بکات پێویستیشە ئەوە بڵێم کە هەمیشە جەستەی ژن جێگەی ڕێزەو هیچ کات نابێت تێگەیشتنمان بەرامبەر بە ژن گۆڕانکاری بەسەردا بێت چونکە ئەوەی لەو شوێنەدا دەکرێت بە بێ ئارەزوو خواستی ژنە و پیاو زیاتر دەستی تێدا هەیە..

خەڵکی کەلار دەروازەیە بۆ بەگژاچونەوەی گەندەڵییەکانی حکومەت!

شاخەوان فایەق

من حەزدەکەم کورت باسێکی لەسەرئاپۆرەی جەماوەری خۆپیشاندانەکەی شاری کەلاری کۆڵنەدەر بدوێم .

٩/٧ڕۆژێکی مێژوویی‌یە لە دەڤەری گەرمیانی کۆڵنەدەرو خاوەن ئیرادەی بەهێزو پۆڵەین وخاوەن هەوڵ وتێکۆشان وشورش وخاوەن ئەنفال وخاوەن هەزران شەهید وخاوەن بەش مەینەت وبەدبەخت دەستی ڕژێمی بەعس. ئەو دروشم و داواکاریەکانی جەماوەری خۆپیشاندەنەکە بەرزیان کردەوەبریتی بوو لە مافی چارەسەری خۆنوسین ئاو وکاربا وبەنزین ونا بۆ ناعەدالەتی و یەکسانی دابەشکردنی داهاتی کۆمەڵگا ودەیان قسەو وتەوەدیکە کە ئاپورەی جەماوەر هاواریان بۆ دەکرد. بەڕاستی خەڵکی کەلار بە دلێران داوای مافەکانیان کرد وچونکە هاولاتیان زانیان بەقسە وبەشیوەی هێمن ناتوانرێ داواکانی بەر جەستە بێت بۆیە لە خۆپیشاندانی ٩/٧ بێدەنگی خۆی ڕاگەیاند وئەو فۆبیایەی شکاند کەدەمیك بوو دەترسا ئەمیش لەئەنجامی ئەو کۆمەڵەیە کەلەناخی جەماوەری خەڵکی کەلار دروست بووە ئەمیش لە ئەنجامی ئەوپەستان و گەندەڵیە کەئیدارەی شار پەیڕەوی دەکەن بەرامبەرخەڵکی بەش مەینەتی کەلار وای لەخەڵکی کەلار کرد بەهەموو چین وتوێژەکانی بەڕووی کەم تەرخەمییەکانی ئیدارە شار بوەستێ پێ بڵێ فاوڵت کرد. سەرەتایی خۆپیشاندانەکە کۆمەڵێك خویندکاری دڵسۆزی شارەکەو ڕۆشنبیر بوو دوای بوە ڕێپێوانێکی جەماوەری ئەوەی منی نیگەران کرد ئەویش ئەوە بووە کە خەڵکی دوای کاتژمێر ونیویەك چاوەڕی جەنابی قایمقام بون بەدەم داواکاریەکانیان بێت قسەیان بۆ بکات بەلام جەنابی ئامادەنەبوو پێشوازی لە داواکاریەکانی ئاپورەی خەڵك بێتەوە . بۆیە خەڵکی لەبەر ئەو گەرمەی کەلارە وەستا بوون زیاتر جەماوەری خۆپیشاندانەکە تورە بوون هەر سووربون لەسەر داواکانیان بەڵام کەس نەبوو قسەیان بۆ بکات سەرنجام هێزەکانی ئاسایش وپولیس تەقەیان کرد بەنیو خۆپیشاندانەکە بۆ بڵاوەپێکردنەوەی یان خەلکی خۆپیشاندانەکە بەبەرد وەلامی تەقەکانیان دایەوە سەرنجام چەندین هاولاتی بریندار بون دوای توندوتیژی سەری هەڵدا تارادەیەك گەیشتە ئەوەی خەلکی پەلاماری ئەوفەرمانگانە بدەن. من دەڵیم گەرجەنابی قایمقام لەوساتە کەئاپورەی خۆپیشاندانەکە لە بەردەم قایمقام ئامادەبون بەهاتایە قسەو گفتوگۆی لەگەل بکردایان قەت ئەو خۆپیشاندانە وا دەر نەچوو ڕەوتی خۆی نەدەگۆڕیبۆ توندو تیژی. گەرهێزەکانی ئاسایش وپولیس وتەقەی نەکردایە قەت جەماوەری خۆپیشاندانەکە بەبەرد ولامی نەئەدانەوە. گەر هیزەکانی ئاسایش وپولیس تەقەیان نەکردایە هەرگیز مەدەنی بریندار نەدەبوو، گەر لەسەربانی پەروەردە ونەخوشخانە شڕوانە تەقەیان نەکردایە هەرگیز ئەو دائیرانە نەدەکەوتەبەر پەلاماری جەماوەری خۆپیشاندانەکەو تالان نەدەکرا، گەر دیموکراسی وئازادی هەبوایە قەت تەقە بەنیو خەلکی خۆپیشاندانەکە نەدەکرا، گەر ئازادی ڕۆژنامەنوسان هەبوایە هەرگیز ڕۆژنامەنوسان نەدەگیران ولێدان وشەق و زللەو سوکایەتی پێکردی پێ نەدەکرا، ماوەتەوە بڵێم خۆپیشاندانەکەی کەلار پەیامیکە بۆ حکومەت کە بەخۆیدا بچێتەوەو چیتر خەڵکیکوردستان وبەتایبەتی خەلکی گەرمیان بێ دەنگ نابێت بەرامبەر گەندەڵیەکانی چونکە بەخوینی لاوانی گەرمیان ئەم حکومەتە خۆماڵییە هاتوەتە بەرهەم دەبێت بەیەك چاو تەماشایی کوردستان بکات وچارەسەری کێشەو گەندەڵیەکانی بکا وکەسی شیاو لەشوینی شیاو داڕەزێنێ ولێپرسینەوە لەگەڵ کاربەدەستانی ئیدارەی شار بکرێت وچیتر ڕێگە نەدرێت کەسی ناشیاو لەشوینە خزمەت گوزاریەکان دابنێ و هەروەها دەبێت لەڕووی گەشەکردن وپەرەپێدانی شارو لادێکاندا، خزمەت بە خەلکی گەرمیان بکرێت چونکە ئەم دەڤەرە زیاتر توشی کاولکاری ومال وێرانی وئەنفالکردن وبەدبەختی ونەهامەتی بووەو دەبێت حکومەتی هەرێم ئەمە ڕچاو بکات لە بەرنامە خزمەت گوزاریەکانیدا. هەر بژی ئەو کۆمەڵە گەنج وخویندکارانەی شارەکەم کەتوانیان دەنگی ناڕازایی خەڵك بەگوێ حکومەت بدەن.

لە خۆپیشاندانە جەماوەریەکەی شاری کەلاردا، چی وتراو چی ڕوویدا؟

سەیوان ئەنوەر

خۆپیشاندان و مانگرتن و ئازادی ڕادەربڕین مافێکی ڕەوای سەرجەم تاك و چینە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵ و کۆمەڵگایە . ئیتر دەسەڵات بە چ شێوازێك پێشوازی لێی دەکاو وەلامی دەداتەوە ؟ ئەمە مەسەلەیەکە و دەسەڵاتداران دەتوانن وەلامی بدەنەوە.

زۆرجار لە ڕێگای کەناڵە ئاسمانیەکانی هەردوو حزب بەتایبەت کەناڵە ناوخۆییەکان وەك (TV) و ڕادیۆو گۆڤار و ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان و کۆڕەجەماوەرییەکان باس لەوە دەکەن ، ئەزموونی دیموکراسی لە کوردستان نمونەی دیموکراسیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هاوکات دەڵێن ئەم ئەزموونە دیموکراسیە نوێیەی کوردستان پێویستە لە عێراقی ئەمڕۆدا سوودی لێ وەربگیرێ، بۆ بە دیموکراسی کردنی عێراق . لێرەدا چەند پرسیاری دێتە ئاراوە:

-ئایا کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران کە لەسلێمانی نیشتەجێن دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران هەستان بە سازدانی خۆپیشاندانێك بۆ پشتیوانی کردنی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کەچی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیدارەی سلێمانی یەوە هێزەکانی ئاسایش و بەئاگاری لولەی تفەنگەکانیان ئەو ڕێپێوانەیان بڵاوە پێ کردوو نەیان هێڵا ببێتە پشتیوانی بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

-ئایا دانیشتوانی شاری کەلار کەهەستان بە ڕێپێوانێکی جەماوەری بۆ بەردەم قایمقامیەتی قەزای کەلار دروشیان دابین کردنی ئاو و کارەباو سووتەمەنی بوو ئەمە مافێکی سەرەتایی هاوڵاتیانە کە کردویانتە دروشمی ڕێپێوانەکەیان کە چی دواجار لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسەوە بە تەقەکردن دەست پێ دەکەن بۆ بڵاوپێ کردنی ڕێپێوانەکە بەڵام بەداخەوە لاوێکی خوێندگەرم دەبێت بەقوربانی وقاچێکی لە دەست دەدات ئەو ڕێپێوانە لەگەڵ بریندارەبوونی زیاتر لە (٢٦) کەس لە هاوڵاتیان و پۆلیس. لەگەڵ ئەوەیشدا لەلایەن هەندێ لە هاوڵاتیانەوە چەند جێگایەك وەك پەروەردەو ئاگرکوژێنەوەو هتد..

بەتاڵان دەبەن ئەمە خۆی لە خۆیدا کارێکی ناشرینە بەڵام هۆکارەکەیش زۆر ڕوونە لەوەوە دێ کە لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس کاری توندوتیژیان بەکارهێناوە.

منیش دەڵێم بەکارهێنانی توندوتیژی ، توندوتیژی لێی دەکەوێتەوە.دوایی چەند ڕۆژێك لە ڕێپێوانەکە بەیاننامەیەکی (کۆمەڵەی بەمەدەنی کردنی کەلار ــ ڕزگاری) م بینی خۆ لە خۆیدا بەیاننامەکە یان لێبووردنی تێدا بەدی دەکرێ بەرامبەر بە ئیدارەی شاری کەلار . چۆن دەبێ هەر لایەك و گروپ و ڕێکخراوێك ڕێپێوان ڕێك بخات ئەگەر هەرچی لەو ڕێپێوانەدا ڕووبدات ئەو گروپە یاخود ئەو لایەنە خۆی بەبەری بزانێ بۆیە ئەوەندە دەڵێم ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە کە ئاماژەم بۆ کردووە لە دیموکراسیەتدا ئاوها پێشوازی لە ئازادی ڕادەربڕین و مافەڕەواکانی خەڵك دەکرێ ئەگەر ئەمە ئەزموونی دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین بێ دەبێ ئەو دەسەڵاتانەی کە دیموکراسی نین چۆن پێشوازی لە مافەڕەواکانی هاوڵاتیان بکەن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com